## هاوبیری بەریز :

ئاشكرایه كه ئەمرۆش هەر وەك رابوردوو ، چارەنووسی نەتەوەی كوردمان ، نادیاره . هیچكام له پارتییه كوردییەكانی هەرچوار پارچەی كوردستان ، لەئاستی دیاریكردن و بەدەسخستنی چارەنووسیك نین كه سەربەخویی كوردستان دەستەبەركات . هەندیك لەوانه ، جگەلەوەی چەندین جار هەلی سەربەخوییان لەدەسداوه ، هەمیشەش له پیشبركیدان بۆ زیاتر لكاندنەوەی كوردستان به پایتەختەكانی داگیركەرانەوه ، سەرباری گەندەلییەكانیان . ئەوەش لەخۆرا نەهاتوه . ئەوانه به پێی بەرنامەكانیان و بەكردەوەش ،له باشترین ئەگەردا ، ستراتیجیان له نیمچەدەسەلاتیكی ناوچەیی له چوارچێوەی دەسەلاتی داگیركەراندا تینا پەڕێ.

لەبەرامبەر ئەوانەدا جەماوەریكی زور ، خوازیاری سەربەخویین ، بەلام بەپەرشوبلاوی و بێ رێكخستنیك . ریكخراوه سەربەخوییخوازەكانی وەك كاژیك و پاسوكیش له رابوردوودا ، روژگاریان لەبارنەبوو بۆئەوەی ئەو جەماوەره لێیان كۆببیتەوه ، سەرباری لەبارنەبوونی هەل بۆ ئەو ئامانجه لەو رۆژگارەدا .

ئیستا پرسیارەكان ئەمانەن :

1 - ئاخۆ كاتی ئەوه نەهاتوه دەزگایەكی نەتەوەیی ناپارتی ( غیر حیزبی ) به بەرنامەیەكی نوێو رەوتیكی نوێوه ، ئەو جەماوەره سەربەخوییخوازه كۆكاتەوەو هەلی ئیستای لەبار بۆ سەربەخویی بقۆزیتەوه ؟

2- ئاخۆ بەبێ بوونی دەزگایەكی لەوجوره ، ئەو جەماوەره ، یا چەند ورده ریكخراویكی نەتەوەیی ، تەنیا به گلەیی و بۆڵەو بیزاریدەربرین ، یا بەرەشكردنەوەی هوكارەكانی راگەیاندن ، یا بەئامۆژگاریكردنی بێهوودەی ئەو پارتیانه ، هیچیان پێئەكرێ و گوێیانلێئەگیرێ ؟

3- ئایا ئەوه رەوایه دەرگای ماڵی كورد بۆ هەموو بیروكەیەكی نامۆ والأبێو لەبیری كوردایەتی داخراوبێ كه ئەشێ ئیمه خوشمان بەشێكی كەمتەرخمبین لەوبارەیەوه؟

4- ئایا ئەوانەی له كۆبوونەوەیەكی ناو ژووریك یا له چایخانەیەكدا ! بەبێ یەكیتییەكی بیر ، له ده پازده كەسەوه بووونه حیزبێكی گەوره ، لەئێمه زاناترو كاراترو لێهاتووترو رەواتربوون ؟

5- ئاخۆ خەباتی كورد بەنایەكگرتوویی ،واتا هی هەرپارچەیەكی كوردستان بەجیا ، هیچی لێسەوزئەبێ بۆ سەربەخویی ؟

6- ئەگەر وەلامەكانمان لەیەكەوه نزیك یا هاوتەریببوون، ئایا بەریزتان بەئەركی سەرشانتانی نازانن بەشداری له دروستكردنی دەزگایەكی نەتەوەیی بۆسەرتاسەری كوردستان بكەن ؟

7- راتان چیه له ئیستاوه خۆمان سازدەین بۆ بەستنی کونفرانسیک له نزیکترین داهاتوودا،تا بەهەموومان پیکەوه بەردی بناغەی ئەو دەزگایە دانێین و بەرنامەو نەخشەکانی بۆداڕێژین و میکانیزمی کارکردنی بۆریکخەین و ستراتیجی کورد دیاریکەین و ئەوبارەی خەلکیتر نایخاته سەرشانی ، ئیمه بیخەینه ئەستۆی خۆمان بێئەوەی دژایەتی هیچ لایەنێکی کوردی بکەین ئەگەر دژایەتیمانننەکەن ؟

8- ئایا پێتانباشه( بەهۆی بارودۆخه کەوه ) کۆنفرانسەکه به دوو دانیشتنبێ ، یەکەم : لەدەرەوەی ولات و تایبەتبێ بۆهاوبیرانی تاراوگه . دوەم : له کوردستانبێ بۆ هاوبیرانی ناوخۆو نوێنەرانی دانیشتنی یەکەم ؟

9- ئیستا وەك سەرەتایەك پیشنیارەکانتان چیه بۆ جۆری ئەو دەزگایه و شێوازی کارکردن و بەریوەبردنی ، دوور لەشێوازی پارتایەتیی ؟ به سوودوەرگرتن له تەکنەلۆجیای تازەی وەك فەیسبوك و سایتیك وگۆڤاریك و سەتەلایتیکی نەتەوەیی بۆ زەمینەسازیی پرۆژه که ؟ واتا بەدەر له پەنابردن بۆ شێوازه کلاسیکییەکانی وەك کردنەوەی بارەگا یا هەلگرتنی چەك یا داواکردنی مۆلەت یا دەسپانکردنەوه بۆ پارەی پاشکۆیەتی و ...هتد.

بۆزانیاریتان ئەم بیروکەیه هی ژمارەیەك له هاوبیرانی کوردایەتییه که دۆست و خۆشەویستی ئیوەن و جیدەستیان له خەباتی کوردایەتیدا دیارەو خاوەنی ئه زموون و رابوردوویەکی خاوێن و خەرمانیك له بەرهەمه هزرییەکانن لەو بوارەدا . هەروەها ئەم پرۆژەیه بۆ ئەوەنیه لەسەر دارو پەردووی ئەو ریکخراوه کوردییه نەتەوەییانه دروستبکریت که ئیستا هەن . ئامانجەکه یەکخستنی خەباته بەتاکەکەس یا به بەستنی رایەلێك که هەموومان بەیه کەوه گرێبدات . واتا هەر کۆروکۆمەلێك ئازاده سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ .

- 10ئایا پیشنیاری هیچ خالێکیترتان هەیه بیخەنه سەر ئەو خالانەی سەرەوە ؟

- سەرنجەکان :

أ- بۆ بەریزتان هەیه ئەم ئیمەیله بلاوبکەنەوە بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا که به شایستەی ئەزانن بۆ بەشداری لەم پرۆژه نەتەوەییه پیرۆزەدا.

ب- تکایه با وەلامەکان لەریگەی ئەم ئیمەیلەی خوارەوە بگا به دەستەی ئامادەکار .

ج- بیرۆکەکه بۆ سەرتاسەری کوردستانه .

jeerkamil@yahoo.com